ئەم بابەتە لە ژمارە 319 هەفتەنامەی میدیا بڵاوکراوەتەوە کە وەڵامی نوسینێکی نەبەز گۆرانە بەلام بەهۆی دەستکاری کردنی ناونیشان و کرۆکی بابەتەکە لە لایەن کاربەریوەبەرانی میدیا بە پێویستم زانی کە بابەتەکە بەمە شێوەیە بڵاو بکەمەوە .



نەهرۆ عاللایی

## لە ( منداڵانی شیوعییەت )ەوە بۆ ( پیاوی کاملی ) خاوەن شکۆ نەبەز گۆران

لە دەست پێکەوە یەکێک بووم لەوانەی بێئەندازە خوێنەری نەبەز گۆران بووم نا لەبەر ئەوەی هەڵپەی بێ ، وەک فریاد رەسێک پێشگر بێت لە بەردەم بنەبر کردنی بەخراپ ئاراستەگرتووی رێرەوی ( سیاسی و ئابوری و ئیداری و ...هتد (بەڵکو بێ ئەوەی بزانین ئەو گەمەیە چیە کە بەرێزی پێی دەکرێ ! تەنانەت کاتێ لێدانەکەیشی پەیوەندیم بە سکرتێری سەندیکای رۆژنامەنوسانەوە کرد بۆ زانیاری وەرگتن لە بارەی دەست درێژی کردنە سەری و هەڵوێست وەرگرتنی ئێمەی رۆژنامەنوسان ، بەڵام ئەو کات بۆم دەرکەوت کە یارییەکە لەوە گەورەترە وەک ئەوەی من بۆی چووبووم، هەر چۆنێ بێ لەم چەند دیرە کە بە ( ئەدەبەوە ) دەینوسم مەبەستم تیایدا لەکەدارکردنی ئەم بەریزە نیە ، نەبادا چەشنی گۆرانی بێژێک لە جەماوەرەکەی کەم بیتەوە تەنها دیدێک کە هەمە ئەوەیە "نەبەز گۆران " بێ هیچ مەنتقیک هیرش دەکاتە سەر چەندین کەسایەتی و دەزگا و حزبیک ، ئەو دەچیتە نیو ململانەیەک کە هی ئەو نیە و بیگومان لە لای دەیان کەسی بەهەلویست و نیشتمان پەروەر نوسینەکانی خۆی بێریز وناشیرین دەکات ، نەبەز گۆران دەبێ ئەوە بە باشی بزانێ سەرچاوەی فکر و فەلسەفە لەسەر دەستی شیوعییەکان لە عیراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بوو بە شتیکی مەئلوف ، بەڵگەش بۆ ئەوە سەدانی چەشنی نەبەز گۆران ئەگەر شیوعیش نەبووبن هەوڵیان ئەوە بووە لە شیوعییەکان نزیک ببنەوە بۆ گفتوگۆو دەوڵەمەند بوون لە رووی هزرەوە . دەگمەن نەبێ کامانەن ئەوانەی لە گۆرەپانی رۆشنبیر و نوسین و فکرییەوە شیوعی نەبووبن ئیستا کوردستان بەرەو پیش کەوتن وەردەچەرخێنن و شانازیبش بە مێژووی خۆیانەوە دەکەن .

ئیستا بە باشی بۆم دەرکەوت کە تۆ ئەم هەمووو بینە بەردەیەت بۆ ئەوە بوو لە دواییدا ئامانجی سەنگەرگرتنەکەت ئاشکراکەیت و نەتوانی چیتر بە هێرشکردنە سەر ئەم و ئەو رێچکەی نوسینەکانت درێژە پێبدەیت . دەبوایە ئیمە زووتر درک بەوە بکەین چونکە

سەرەتاش هەر بە شیوعییەکانی نێو پارتی و یەکێتی دەستت پێکرد هەڵپەت بوو لەم رووەوە بە زوویی شۆرەت بێنی ،کە ئەوەش باکگراوندێکی هەیە ! بەتایبەتی شیوعییەکانی ناو پارتی ئەوانەی پیگەیەکیان هەیە هەستت کرد کە بەو ئایدۆلۆژیایە پەروەردە بووینە ، رۆشنبیر و تیگەیشتنی تۆ و هاوشیوەکانت جیدەهێڵن بێگومان ئەوەش گوناهی حزبی شیوعی نیە ، بەڵکو ئەوە سەرچاوەی خۆت گوتەنێ کلتوری شوعییەتە کە شانازییەکی گەورەیە بۆ شیوعییەکانی ئەمرۆش. ئەم تەرزە ئایدۆلۆژیایە بووە بە کلتور و مایەی تەنگ هەڵچنین بەوانەی دژی راستن . من کە وەڵامی تۆ دەدەمەوە هیچ پاپەندبونێکی رێکخستنم بە حزبی شیوعییەوە نیە تەنیا ئەخلاق نەبێ رێم پێنادات بێدەنگ بم بەرامبەر بەو سوکایەتیەی کە تۆ بە حزبێکی دەکەیت من رۆژیک لەرۆژان تیادیا ئەندام بوومە بێگومان بە (فەخرەوە) چونکە ئیستا لە لایەنێکی تر ئەندامم .لە هەمان کات بەهەلێکی دەزانم ئەوەت بێبلێم ئەوەی ئیستا تۆ پیتەوە گرتووە کەسانی تریش لە شیوەت ئەم ریگەیان تاقی کردۆتەوە . بە نوسینی کرچ و کاڵ شەڕیکی دۆراوانەیان کردوە چونکە زاری پر لە مەعریفەتی شیوعییەکانیان لیبۆتەوە ئەنجام هەر ئەویان وویستوە ( بەتکەی خۆیان هەستن ) .

کاک نەبەزی بەریز ئەم ئازادییەی کە بەریزت هەلتقستۆتەوە بۆ قسە گوتن بە کەسان و لایەنی شۆرشگیر بە خوینی دەیان پابەند بوو بەم ئایدۆلۆژیایە هاتۆتە دی، تۆ کە لافی نیشتمان پەروەری لیدەدەی دەبێ ئەوەشت لاروون بی ووشە ریزکردن مانای هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی ناگەیەنی.

حیکەمەت لەوەش نیە عەین و حا بکەینە پیوەر بۆ هەلسەنگاندنی حزبێک کریکار و جوتیار و هەژار و هەموو چین و تویژیک خۆی تیدا ببینیتەوە ، بەلکو حیکمەت لەوەدایە لەوەتای تۆ دەنوسی چیت داوە بە خوینەر لە خۆ هەڵزنان بەبالای کەسانی بیئاگا لە تۆ .! لەسەروی ئەوانەشەوە نەبەز گۆران وا نیشان دەدات کە شیوعییەکان ناتیگەیشتون و تازە بە تازەی دەیەوی بەم چەند قسە هەلەقانەی عەقل بە شیوعییەکان بفرۆشی . سەیرە ( کارل نەبەز ) گەرەکیەتی دوای زیاتر لە شەست ساڵ دامەزراندی ( کار مارکس) بە سەرکردەکانی ئەو حزبە بناسینی .هەلبەتەت نەبەز دەیەوی وا لە خوینەر بگەیەنی بە کوفریکی گەورە سوکایەتی لە هەمبەری کراوە ، بەلام بیئاگا لە دەمی خۆی سوکایەتی بە ئایدۆلۆژیایەک دەکات کە تا مرۆڤایەتی مابی کاریگەری پۆزەتیڤی بەسەر کۆمەلگەی مرۆڤایەتیەوە دەبی ، ویرای ئەوەی هیندە بی مەعریفەتە وا دەزانی ئەوەی پابەند بیت بەو ئایدۆلۆژیایە دەبی لەناو حزبی شیوعی بیت کە هەر ئەمەش وای کردووە شەر بەو کەسانە بفرۆشی لە نیو حزبەکەی خۆی هەمان ئایدۆلۆژیایان هەیە .لەکۆتایی ئەم چەند وشەیە سەرنجم ئەوەیە رەنگە هەندی باری سەرنجت بخستایەتە روو لە لای ( مندالانی شوعییەت ) زۆر ئاسایی با ، بەلام تۆ بییت راست و چەپیک بەسەر حزبیک دابینی ( ئایدۆلۆژیایەک بۆ ئیستای کورد پیویست نیە ) بیگومان بە مندالانی شوعییەت وەلامیکت دەخەنەن مشت سەد خۆزگە دەخوازی سەرجەم وشە پر لە سوکایەتیەکانت بگەریتەوە نیو پینوسەکەت .چونکە ئەم مندالانە لە بەر قوربانی دانیان بۆ ئەم ئایدۆلۆژیایە ئەگەر نەپرژابنە سەر ئەوەی کە

زانستگەیەک تەواو بکەن ، هیندەی لیوە فیربوونە دوو پیاوی کاملی وەک تۆ تیبگەینن ( مندالانی شیوعییەت ) کین ، لەگەل هەموو ئەمانەشدا من ری بەخۆم نادەم چەشنی بەریزت راست و چەپیک نەک بەسەر ئایدۆلۆژیایەک دابینم بەلکو بەسەر تۆش دابینم بەلام بۆم دەرکەوت کە نوسینەکانی جەنابت لە قسەی رووت و بی بنەما بەو لاوە چی تر نین ، باش بوو سەردەمی پاشایەتی نەبوو ، جەنابییشت پادشا نەبووی ئەگینا سەرکردەکانی حزبی شیوعی بە کەمال شاکری سکرتیریانەوە دەبوو لە سەردەمی خۆشاردنەوە پەرە بە ئایدۆلۆژیاکەیان بدەن.